

# باپیرەم دەیگوت:
# بەرد لەشوێنی خۆی سەنگینە

بەکر ئەحمەد

کچەکەیشم دەڵێ:
(بابە ئینسان پەتاتە نییە رەگی هەبێ، ئاخر ئینسان دوو پێی هەیە)
بەردێکم دی، سەرگوزشتەی سەفەری خۆی بۆ جۆگەیەك دەگێڕاوە
ئەو رۆژەی کە ئاو رایماڵیم، چەند دەترسام
یەکەم جار بوو، لەشوێنی خۆم دوورکەومەوە
جا چیم نەدی
ئەو گەڵایانەی هەمیشە سەوزن، ئەو ئاسۆیانەی لەیەکناچن
ئای لەو رۆژەی شەپۆلی ماندووی دەریایەك
حەکایەتی سەفەری خۆی، لەشاخەوە بەرەو دەریا گێڕایەوە
دەمووچاوی ئەو ئەستێرانەم بینی، گەر تا ئێستاش لەشوێنی خۆمدا بوومایە
نەمدەزانی تیشکیان هەیە
ئەو رۆژەی کە ئاو رایماڵیم چەند دەترسام
دەترسام لەشێواندنی ئەو گۆرانییەی بەسەنگینیم دەستپێدەکاو
بەسەنگینیم کۆتایی دێ
دەترسام فێری گۆرانییەکی دیکە ببم باوکم دڵی پێخۆش نەبێ
ئای لەو رۆژەی ئاو رایماڵیم، چەند دەترسام
ئای ئێستاکەش چەند گۆرانیی و
چەندین ئاسۆو چەندین رەنگی تازە فێربووم
چەندین بەردی ئەودیو گردەکەی ئەوبەرم، بوونە هاوڕێم
سەفەر هەر بەتەنها

بینینی بەندەرگاو ئێستگای شەمەندەفەرو
بارهەڵگرو پارکی گەورەو سنووری تازەو
خەوتن لەلێواری ڕێگای سەر شاراندا نییە
سەفەر هەر بەتەنها بینینی ئەو ڕێگایانە نییە
کە وەسفەکەی، وا لەگیرفانی قاچاخچیداو
هیچ ئەتڵەسێك نەیبیستووە
دانیشتن نییە لەسەر کورسی ناو پارکێکدا
باسکردنی سێکس نییە بەئاشکرا لەناو ئاپۆرەی بارێکدا
تەتەڵەمیرانی وشەی تازەی ڕێزمان نییە، لەسەر زمانی مادەری
جلی تازەو هەویەی تازەو دەموچاوی بێ‌سمێڵی تازە نییە
هێنانی ئەویٚ نییە بۆ ئێرە
گۆڕینەوەی شار بەشارو چایخانە بەقاوەخانەو
دۆزینەوەی هاوکێشەیەکی دەستکردی نێوان بەهەشت‌و دۆزەخیش نیە
سەفەر بەر لەهەموو شتێك
بینینی وێنەی خۆیە لەچاوانی ئەوی دیدا
نیگایە لەو، لەناو چاوەکانی خۆدا
سەفەر بەرلەوەی گەڕان بێت لەپنتێکی زەمینەوە بۆ پنتیٚ دی
گەڕانە بەناو نیگادا، سەرنجدانە لەدیدی خۆ
سەرنجدانە لەدیدی ئەو لەناو نیگاکانی خۆدا
بەر لەسەفەر
من بەتەنها چەند کۆڵاٚن‌و
چەند گەڕەك‌و هەردوو شارێك، مێژووی ئەزموونی زیندووم بوون
لەگەڵ شوێنا
پێم وابوو غەم هەر بەتەنها یەك جۆر بەرگ لەبەر دەکا
کۆڵاٚنێکیش دەیبردمەوە سەر ئاشەکە
گەڕەکێکیش، دەبووە مەیدانی شەڕە بەرد لەگەڵ کوڕانی ئەوبەردا
شەقامێکیش دەیگەیاندمە بەر سینەما
تێرمیناڵێك دەیگەیاندمە شارێکی دی
من ئێستاکە هەر تەنها شارێك شك نابەم
ڕەنگە شاری یەکەمینم، دووەم، سێیەم تاکە جیاوازی ناویان بێت
بەڵاٚم هەموو لەیەکدەچن
گەر لەشاری یەکەممدا، تەنها "قەحتان"ێکم بووبیٚ
ئەوا لەشاری دووەمما، من خاوەنی دەیەها بتڵی جیاوازو دەیەها ناوی

قەحتانم

پەنجەرەی دراوسێی شاری یەکەمم تێر دەگریا، کاتێك هەواڵێکی ناخۆش لەدڵی دەدا
دراوسێی شاری سێیەمم هەر وا دەکا، کاتێك شادی لەپەنجەرەی دڵی نادا
هیچ کامیان بەڕووتی ناچێتە بازاڕو
بیری ناچێ، کریی ماڵ سەری مانگ بدا
یەکەمیان لەدووکانەی سەرسووچی گەڕەك قەرزیدەکرد، ئەگەر پارەی پێ نەبوایە
دووەمیان لەبانك، ئەگەر نەشبوو، لەمن یان لەهاوڕێیەکی
زەبروزەنگ هەر بەتەنها ویزەی فیشەکێکی وێڵ و
ژێرزەمینێکی شێداری زیندانی ناو شارێك نییە
زەبروزەنگ یانی بەجێهێشتنی منداڵ بەیانیان زوو
لەبەر دەرگای باخچەی ساوایاندا گەرچی خەو بەری نەداوە
سەرە درێژەکانی خەستەخانەن
مەمکەکانی پامێلا ئەندەرسۆن و رووخساری مایکڵ جاکسۆنە
پڕکردنی ماڵە لەگوڵی پلاستیکی کاتێك بەهار لەودیوی پەنجەرەوە راوەستاوە
بەکرێدانی هەتاوە لەکەناری دەریایەکدا
لەقاڵبدانی رۆژو هەفتەو مانگە لەناو چوارچێوەی سەعاتدا
زەبروزەنگ، خستنەوە ژێر پرسیاری رەشی قژە، لەبەرانبەر قژزەردی جوگرافیایەکدا
دەکرێ شاعیربی و
کەس لەچایخانەدا کورسیت بۆ نەگرێ
دەکرێ نووسەربی و
پێتوانەبێ خوێنەر دەبێ کۆڵکێشی وشەت بێ
من لەسەفەردا بینیم، شاعیر کورسی بۆ ناگیرێ
هیچ کۆڵکێشێکم نەبینی، بەدوایەوە نووسەرێك بڕوا
سەفەر یانی بەخشینەوەی شوناسی دارێتیە بەداربەڕوو و
وەرگرتنەوەی شوناسی پاشایەتیە لەو وەك شای درەختێکی دنیا
سەرنجدانە لەهەڵۆ، وەك باڵندەیەکی بەرزەفڕ لەقەندیل بێ یان لە تۆرۆس
گرتنی وێنەی گەڵی عەلی بەگە بەتەنیشتی نیاگاراوە
بینینی منالی خۆتە لەکۆڵانی یەکەم شارتاو
وردبوونەوەیە لەیادگارەکانی ئەمڕۆکەت لەسبەینێی شاری دووەمتا.